# شانۆی کوردی لە هەندەران

## (تیپی شانۆی ئارارات، ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا)

د.فازل جاف
(سوێد)

پاش سەفەرێکی دوور و درێژ، بۆ دواجار لە ٢١/ ١/ ١٩٨٢ لە شاری ستۆکهۆڵم گیرسامەوە، خولیای بینینی شانۆی ئەوروپاییم لە مێشکدا بوو، وابزانم لە مانگێک زیاتری نەخایاند سەردانی شانۆیەکی بچووکم کرد، ئێواریەکی سەهۆڵبدانی زستانی ستۆکهۆڵم بوو، لەو شانۆ بچووکەدا شانۆنامەی (داخوازی)ی چێخۆڤ نمایش دەکرا کە سەر بە ژانری کۆمیدیایە (ڤۆدێڤیل)، پێشتر ئەم ڤۆدێڤیلەم خوێندبووەوە، هێشتا سوێدیم نەدەزانی، بەڵام ئاشنای ناوەرۆکی شانۆنامەکە بووم، پاشتریش بەر لەوەی فێری زمانی سوێدی ببم، چەند نمایشێکی شانۆنامەکانی شەکسپیر و ئیبسین و ستریندبێرگ و چێخۆڤم بینی، چونکە شانۆنامەکانیانم بە عەرەبی خوێندبووەوە.

ڕووم کردە پەنجەرەی بلیتفرۆشتنەکە، کچێکی سوێدی بلیتی دەفرۆشت، بە ئینگلیزی داوای بلیتم لێ کرد، ئەویش تێگەیشت کە سوێدی نازانم، پێی گوتم:

– دەزانیت نمایشەکە بە زمانی سوێدییە؟

– بەڵێ

تێگەیشتم مەبەستی چییە، بۆیە یەکسەر گوتم:

– بەڵام دەقەکەم بە عەرەبی خوێندۆتەوە و دەزانم باسی چی دەکات.

– عەرەبیت؟

– نەخێر، کوردم

باشە بۆ دەبێت باسی ئەم نمایشە بکەم؟ وەک گوتم ئەم نمایشە سادەیە یەکەم نمایش بوو، کە لە سەرەتای ژیانی هەندەرانمدا بینیم، نمایشەکە تا بڵێی سادە بوو، بەڵام سەرەتای ئاشنایەتیم بوو لەگەڵ شانۆی ئەوروپایی، هەنگاوی یەکەمم بوو بۆ تێگەیشتنی شانۆ سوێدی، هەروەها کلیلی یەکەمم بوو بۆ تێگەیشتنی



پیشەمەندێتی، کە پێم وایە، بەشێوەیەکی گشتی کێشەی هەر گەورەی شانۆی کولتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەتایبەتیش کولتووری کوردی، کە نەک تەنیا ڕێز بۆ پیشەمەندێتی دانانێت، بگرە خەڵکێکی زۆری ناو نێوەندی شانۆیی کە ڕقیان لە کەسانی پیشەمەند دەبێتەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن ڕێگرییان لێ بکەن و بیانشکێننەوە.

نمایشی داخوازی بە سوێدی بوو، دیارە هێشتا فێری زمانی سوێدی نەبووبووم، بەڵام تێگەیشتنی نمایشەکە بۆ من ئاسان بوو، چونکە دەقەکە ڤۆدڤیلێکی زۆر سادە و ئاسان بوو، چێخۆڤ کە ڤۆدڤیلی (ورچ) نووسی، گوتی نوکتەیەکم نووسیوە، داخوازیش دەکرێت بە یەکێک لە نوکتەکانی چێخۆڤ لە قەڵەم بدرێت.

نمایشەکە تا بڵێی سادەبوو!

لە سەرەتادا، مەبەستم لە ساڵانی یەکەممانە لە ئەوروپا، کە دەڕۆیشتین بۆ تەماشای نمایشێک، پێشبینی ئەوەمان دەکرد، نمایشێکی ناوازەی ئەزموونگەرییانە ببینین. زۆربەی ئەو کەسانە، کە نمایشێکی سادەیان دەبینی، لەوە تێ نەدەگەیشتین کە ئەم سادەییە خۆی لە خۆیدا کرۆکی هونەر و داهێنانە، کە هیچ شانۆکارێک، بەبێ پیشەمەندێتییەکی تەواو ناتوانێت دەستبەری بکات، نمایشێک کە سادەیە، ڕاستە سادەیە، بەڵام ئەو سادەییە بەبێ پیشەمەندێتی و وەستایەتی و دەسترەنگینی نایەتە دی.

چوومە ناو هۆڵێک بچووک، پەنجا کورسی لێ بوو، ژماردمن:

شانۆیەکی بچووک بە قەوارەی ژوورێکی بچووک، قەنەفەیەک و دوو کورسی لەسەر مافورێک. سێ ئەکتەر، کە بەحاڵ بواری جووڵەیان هەبوو، بەڵام ئەگەر بپرسیت: هەر یەک لەوان چۆن ڕۆڵی خۆی دەبینی؟ ئەوەیان جێی سەرسڕمان بوو، کە پاشتر لێی حاڵی بووم، ئەوەی بۆ من یەکەم جار بوو ببینم، ئەوە بوو کە ئەکتەرەکان کەم دەجووڵانەوە، بەڵام بە ئەندازیارییەکی ورد دەجووڵانەوە. ئەکتەرەکان زۆربەی کات، دانیشتبوون،کە ئەمە لە سەرەتای نمایشەکە، بۆ منی ئەو سەردەمە زۆر سەیر بوو، بگرە بەلامەوە خراپیش بوو، خەریک بوو منیش وەک زۆربەی شانۆکارانی لای خۆمان، کە تازە دەگەیشتنە ئەوروپا، کاتێک کە نمایشێکی لەم جۆرەیان دەبینی، یەکسەر دەیانگوت، ئەو شانۆییەی کە ئێمە لە کاتی خۆیدا دەمان کرد، ئەو شانۆیە زۆر لەمە پێشکەوتووتربوو.

سەرنج دەدا، هەموو جووڵە و ئاماژەکان، تۆنەکانی دەنگ و جەرەسی ئاخاوتنیان، تا بڵێی بە وردی و بەدیقەت، بە ئەندازیارییەکی دیراسەتکراو، ئەنجام دەدران. ئەم ئاستە بەرزەی نواندن تەنیا بە پیشەمەندێتی و ڕاهێنان، گۆران گوتەنی بە کۆششی زاڵ دێتە ئەنجام، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنجی نەدەیت، ئەگەر ڕووکەشانە تەماشای وردەکاریی نمایشەکە بکەیت، لەوانەیە بڵێیت: شانۆی کوردی زۆر لە شانۆی ئەم وڵاتە پێشکەوتووترە.

بەلامەوە گرنگە باسی ئەم ئەزموونە بکەم، چونکە ناوەڕۆک و پەندەکەی بۆ کارکردنی ئاییندەم بە گرنگ کەوتەوە.

بەر لە هەمووو شتێک، باوەڕم وایە پیشەمەندێتی لە هونەردا ڕاستگۆیی و سادەیی دەخوازێت، ئینجا خۆپێگەیاندن و گەشەپێدان بە تواناییەکانمان و پەرەپێدان بە کەرەستە و ئامرازەکانمان، بەم دیدگایە شانۆکار دەگاتە ئاستی سادەییەکی قووڵ لە بەرجەستەکردن و دەربڕیندا.

من لە یەکەم نمایشدا ساڵی هەشتا و دوو لە ستۆکهۆڵم ئاراستەی بیرکردنەوەم ئەم ڕەوتەی وەرگرتبوو، تا دەشهات، تا پتر نمایشی سوێدی و ئەوروپاییم دەبینی، ئەم هزرەم زیاتر لەلا گەڵاڵە دەبوو.

ئەمە ئەو پەندەیە کە شانۆکارانی لای خۆمان، بە تایبەتی لە قۆناغی یەکەمی ژیانیان، پاش ئەوەی دەگەن ئەوروپا ، کاتێکی زۆرتریان دەوێت تاکو پەی پێ بەرن. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، دەتوانم گەلێک نموونە بهێنمەوە، بەڵام ئەمەی کە ئێستا باسی دەکەم ڕەنگە لە

هەموویان چاکتر مەبەست بپێکێت:
شـــــانۆکــــــارێک لـە یـەکـــــێـک لـە وڵاتـە ئەوروپاییەکانەوە،پاش بینینی نمایشێکی پیتەر بروک، نامەیەک بۆ شانۆکارێکی نیشتەجێی ستۆکهۆڵم ڕەوانە دەکات، نووسیبووی:

بە تاسەوە بۆ نمایشەکەی بروک ڕۆیشتم، وەک خۆت دەزانیت ئێـــمــە هەر لە شـــارەوە، هەر لە ســەردەمی خـوێندکـارییـەوە، خـەونمان بەوەوە دەبینی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەرهەمـێکی پیـتـەر بروک ببـینین، دوێنی بینیم، بەڵام تووشی شـۆک بووم ،بەداخـەوە پیـتـەر بروک ئەوە نەبوو کـە ئێـمـە لێی تێگەیشـتـبووین، باوەڕم نەدەکـرد ئاستی کاری پیتەر بروک ئەوەندە سادەبێت.

تاکو ئێرە دەکرێت هەموو ئەم قسانە ئاسایی بن، ئەوەی کە ئەم شانۆکارە لە مێشکی خۆیدا نەخشـەی بۆ کاری پیتـەر بروک کێشـابوو، نەخشـەکـەی وا دەرنەچوو، بەڵام ئەوەی جـێگەی سـەرسـڕمـانە ئەوەیە کـە لە کـۆتایی نامـەکەیدا نووسیـبـووی: پاش نمایشـەکە بۆم دەرکـەوت، ئێمە لە شار دەمێکە ئەم شێوازەمان ڕەت کردووە، ئەوەی بروک ئێـسـتـا دەیکات، لابورەکـەی ئێـمـە حەوت زەمـانە دەسـتی لێ هەڵگرتووە. چونکە ئەو شێوازە لە ئێـسـتـادا بەســەرچووە و بـاوی نەمــاوە، تازە بە تازە بروک باسی شـانۆ دەکـات، لە کـاتێکدا ئێـمـە باسی مـیـتـا درامـا دەکەین.

باش بـوو، هەر لە سـەرەتاوە خـودای گـەورە لەو جـۆرە فشە و لافلێدانەی پاراستم، فشـەی ئەوەی کە پێم وابێت بەرهەمێکی جارانی خۆم ئەوانەی ستانیسلاڤسکی، یان بروکی ڕەت کردبێت.

بەر لە شانۆگەری «گێژەن» کە یەکەم کاری دەرهێنانی شـانۆییم بوو، پێنج سـاڵی ڕەبەق سـەردانی شـانۆکـانی ستۆکـهـۆڵم و کـەم تا زۆر دەرەوەی سـتـۆکـهـۆڵـم کـرد، بۆ یەکەم جار بەرهەمەکانی شەکسپیر و مۆلێیر و ئیبسین و سـتـرندبێـرگ و مــیـللەر و چەندان بەرهەمی کـلاسـیـکـم بینی، زۆرینەی ئەم بەرهەمانەم لەسەر شانۆکانی دەوڵەت و شانۆی فەرمی بینی، نەک ئەوەندە، بگرە ئەو سەردەمە زۆر هەواداری تیپە سەربەخۆکانی ستۆکهۆڵم بووم، وەک زانراوە قۆناغی هەشتاکان لە ستۆکهۆڵمدا قۆناغی گەشە و شکۆفەی تیپە سەربەخۆکان بوو، ئەو تیپانە هەر یەکە و لەسەر ڕێچکە و میتودێـک کاریان دەکرد، هەر تیپێـک سـتـایل و پرۆفـیلی خـۆی هەبوو، بەپێـچـەوانە شـانۆی فـەرمی، ئەوان بە لای ئەزموونگەرێتی و نوێخـوازێتـیـدا دەیانشکاندەوە. بۆ نموونە تیـپی (شـەهرەزاد) تەکنیکی بیومیکانیک و ڕێبازی مییرهۆلدی پیادە دەکرد، شانۆی (پیـسـتـول تیـاتر) کـاری لەسـەر کـۆمـیـدیا دیل ئارتی و شانۆی داریۆ فۆ دەکرد، تیپی (ئاورورا)یش ستیلی شانۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی پێـــوە دیار بـوو، کــــاریگەرێتی گرۆتۆڤسکیش لە بەرهەمی زۆربەی تیپە سەربەخۆکاندا لە بەرچاوتر بوو، بەتایبەتی لە ئەکادیمییەکانی شانۆدا، لە ستۆکـهـۆڵم و گـۆتینبێـرگ و مالۆ، مـەشـقکردن لە سـەر میـتودەکانی برێخت و گرۆتۆڤسکی و داریۆ فۆ باو بوو، هەر لە هەشـتـاکـانیـشـدا دەرهێنەری پۆلۆنی بە ناوبانگ، تادیۆش کانتۆر سەردانی ستۆکهۆڵمی کرد و بەرهەمێکی خۆی نمایش کرد.

هزرێک لە مـێشکمدا چەکەرەی کـرد، بە خۆم دەگوت: تۆ تەمـاشـاکە، چۆن ئەم دەرهێنەرە بە سێ ئەکـتـەرەوە لە شانۆیەک لە چەشنی ژوورێکی بچووکدا توانی نمایشێک ئەنجام بدات، کە بە مـانای وشـە شـانۆیە، ئەی ئێـمـە بۆ نەتوانین تیپێکی بچووک دابمەزرێنین!